KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency

زانکۆی سلێمانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

ژمارە: ٧/٣/ ١١٩٩٦
ڕێکەوت: ١٧/ ٩ / ٢٠١٢ زایینی
٢٦/ ٦ / ٢٧١٢ کوردی

نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ
President's Office

No:
Date:

بۆ / هەرسێ فەرمانگەی بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ
/ سەرجەم فاکەڵتی و کۆلێج و سکوڵەکان
بابەت / خوێندنی پۆست دکتۆرا و مۆڵەتی توێژینەوە

دوای ڕێزو سڵاو......

هاوپێچ فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠٢٢) لە (٢٠١٢/٩/٥) تایبەت بە خوێندنی پۆست دکتۆرا (Post Dctorate) و مۆڵەتی توێژینەوە (Sabbatical Leave) دەنێرین بۆتان .

بۆ ئاگاداری و پەیڕەوکردنی .

لەگەڵ ڕێزدا......

پ.ی. دکتۆر صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆ

هاوپێچ / فەرمانەکە

وێنەیەک بۆ /
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ
بەڕێوەبەرێتی خوێندن
بەڕێوەبەرێتی دارایی
بەڕێوەبەرێتی وەرزشی
دۆسیەی بڕیارەکانی ئەنجومەن
دۆسیەی نووسراوی دەرچوو

Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – University of Sulaimani – Presidency
Sulaimani – Kany Askan – Street 3 – Zone 205
Tel: 964 53 3208305 – 964 53 3207953
President's Email: president@univsul.net
P.Box: 334

هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Region - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە : نووسینگە/ ١٠٢٢
کەوت : ٥/ ٩/ ٢٠١٢ ی زایینی

No:
Date:

گشتاندن و تۆمار کردن

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکسەردە

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
هاتوو
ژمارە: ٤٢٧٥٠
بەروار: ٢٠١٢/٩/٦

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە (تەوەری چوارەم/کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/خاڵی -٢) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٢)ی ئەنجومەنی وەزارەت لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٨/١٤) سەبارەت بە کۆنووسی لیژنەی پێکهێنراو لە (٢٠١٢/٧/١١) تایبەت بە خوێندنی پۆست دکتۆرا (Post Doctorate) و مۆڵەتی توێژینەوە ( Sabbatical Leave) پەسەند کرا لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

٩/١٢

١ - هەردوو بابەتی ( خوێندنی پۆست دکتۆرا (Post Doctorate ) و مۆڵەتی توێژینەوە (Sabbatical Leave) بە شێوازی خۆ تەرخانکردنی زانستی (التفرغ العلمي )، کە ئاماژەی پێکراوە لە بڕگەکانی (٢) و (٣) ماددەی (٩) یاسای ژمارە (٢٢) یاسای خزمەتی زانکۆیی (قانون الخدمة الجامعية) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت .

٢- ئاماژە بە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٩) هەمان یاسای سەرەوە کە دەقەکەی بەم شێوەیەیە ( يصدر الوزير تعليمات تنظيم الامور المتعلقة بالتفرغ العلمي) واتە (وەزیر ڕێنمایی ڕێکخستنی کاروباری تایبەت بە خۆ تەرخانکردنی زانستی بە فەرمانی وەزاری دەردەکات).

٣- دوای تاوتوێکردنی ڕێنماییەکان کە ئێستا پەیڕەو دەکرێت و بە فەرمانی وەزاری ژمارە ( ١٨٨٧٨/٣ ) لە ٢٧ /٢٠٠٩/١٠ بڕیاری لێدراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان بە نوسراویان ژمارە ( ١٥٩١٥) لە ٢٠٠٩/١١/٨ ، وە ڕەچاو کردنی پێشنیازەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بە نووسراویان ژمارە (٩٤٧٩ ) لە ٢٠١٢/٦/٢، لیژنە ڕاسپاردە دەکات کە جگە لە ناوەڕۆکی بڕگەکانی (٢) و (٣) ماددەی (٩) لە سەرەوە ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

---

### أ- مۆڵەتی توێژینەوە (Sabbatical Leave)

١- ماوەی توێژینەوە بریتی دەبێت لە ( ٣مانگ تا ٦ مانگ) .

٢- ماوەی (٢) ساڵ ڕاژە پێویستە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا بە مەرجێك داواکار لەو ماوەیەدا بە لایەنی کەم توێژینەوەیەکی ئەنجام دابێت .

No: ژمارە : نووسینگە/ ١٠٢٢

Date: بەروار : ٥/ ٩/ ٢٠١٢ ی زایینی

١٤/ گەلاوێژ/ ٢٧١١ی کوردی

٣- پێویستە پرۆژەی توێژینەوەکە لەلایەن لیژنەی زانستی بەش پەسەند بکرێت، بە مەرجێك پێداویستیەکانی توێژینەوەکە لە هیچ یەکێك لە زانکۆ و دەستەکانی هەرێم و عێراق نەتوانرێت دابین بکرێت و توێژینەوەکە لە نیو پلانی زانکۆدا بێت.

٤- پێویستە (سێ) ساڵ تێپەڕ ببێت بەسەر تەواوبوونی مۆڵەتی توێژینەوەکەدا بۆ ئەوەی خوازیار دووبارە بتوانێت داوای مۆڵەتێکی تری توێژینەوە بکات. بەڵام خوازیار بۆی هەیە داوای مۆڵەتی توێژینەوەی تر بکات ئەگەر پلەی زانستی بەرزکرابێتەوە لە دوای تەواوبوونی مۆڵەتی توێژینەوەی پێشوویەوە.

٥- لە ماوەی مۆڵەتی توێژینەوەدا بە لایەنی کەمەوە توێژینەوەیەك ئەنجام بدات، کە ئامادە کرابێت بۆ بڵاو کردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕ پێکراو و خاوەن (Impact Factor) دا.

٦- توێژینەوەی پێشنیار کراو وەرنەگیرابێت (غیر مستل) لە هیچ یەکێك لە نامەکانی ماستەر و دکتۆراکەی .

٧- دوای گەڕانەوە سیمینارێك ئەنجام بدات .

٨- توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ توێژەر بەرز بێت کە پێویستی بە کۆرسی زمانی بیانی نەبێت.

٩- پێویستە کەفالەتێکی دادنووسی هەبێت ، و بەڵێن بدات دوای تەواوبوونی ماوەی توێژینەوەکەی دەگەڕێتەوە وولات .

## ب- خوێندنی دکتۆرا (Post Doctorate)

١- ماوەی توێژینەوە بریتی دەبێت لە (١-٢ ساڵ)

٢- پێشکەشکار دەبێ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت و (٢) ساڵ خزمەتی زانکۆیی هەبێت دوای دکتۆرا لە یەکێ لە زانکۆکان یان دەستەکانی هەرێمی کوردستان .

٣- هەبوونی سەر پەرشتیاری دەرەکی لە زانکۆ بیانیەکە کە توێژینەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت .

٤- هەمان خاڵەکانی سەرەوە (٥-٩)ڕەچاو دەکرێت .